www.kurdistannet.org
25-9-2006 8:09بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

zana@nuza. dk
2006-9-22

# نامەیەک بۆ کامەران جەباری خۆت بەخۆتت کردە، دەبێ وولامیش بنووسیتەوە ... زانا لەیلانی

مرۆڤ بەهەڵە دەچێت، بەڵام وەك تۆ چەواشە نەكراوە، گەر مرۆڤیش چەواشە بكرێت ئەوە دەبێ باجی بدات. ئێستا دوای ئەوەی ڕونكردنەوەیەكی زۆرو ڕاستكردنەوەیەكی زرۆرت بۆ خرایە بەرچاو، پێویست ناكات من چیتر لەسەر ئەو چەواشە كاریەی تۆ بنووسم، گەر بەپێویستشی دەزانی ئەوە بێگومان دەتوانم وە كەسانی زۆر هەن ( (شێخ عەبدوڵا و شێخ عەلی) ) دەناسن و ڕابوردویان دەزانن كە كێن و چۆن بوونە.

بەڵام نەشارەزاو نەزانێ بەقسەی خەڵكی فریو بخوات، ئەوە زۆر زەرورە بەخۆیدا بچێتەوەو ئەوی خوێندویەتی بەگیۆتا ئاگاداری بكەیتەوە وپێی بڵێت كە هەڵە بووە، دەمێنیت لە سەر تۆش كە چۆن ئەو پێنووسە ڕەشەت ئەو تومەتەی خستەتە پاڵ ئەو دوو كەسە كە لەوەتەی خۆیان ناسیوەتەوە كورد بوونەو خۆ بەخت دەكەن بۆ كوردایەتی. دەبێ هەمان پێنووس *لەش پیسی* خۆی دەربكات و بەمەردانە بنووسێ كە هەڵە بووە، گەر خۆت نیت ئەوە بنووسە كێ چەواشەتی كردووە، گەر نەینوسی ئەوە زۆرت لەسەر دەكەوێت ( (كامەران جەباری) )، ئەوەش بزانە ئەوەی چەواشەتی كردووە بۆ خۆی بەبەرزی بانانەوە قورتار دەبێت، كەوتنش لەسەر تۆ ئێستا بەدەر ناكەوێت ئەو كات دەر دەكەوێت كە كاتی موحاسبە دێت.

مرۆڤ هەرچەند زوو خۆی پاك كاتەوە ئاسانتر دەبێت لەوەی كە دوای بخات. كات زوو دەڕوات وەك دەڵێن (ئەمرۆ هەواڵ بە پارەیە، بەیانی بە بەلاشە) ) .

ئێنجا تۆ كامیان هەڵدەبژیریت ئەوە خۆت دەیزانی، بەڵام گەر بەقسەی من دەكەیت ئەوە خۆت ئاشكرا كەو بەناوی ڕاستی خۆتەوە، كە تۆ چەواشە كراویتو هیچت بەسەر هیچەوە نیە، گەر ناوی چەواشەكراوش بنووسی ئەوە بەقازانجی خۆت دەگەڕێتەوە.

بەڵام هەر بەم شێوەیە بمینیتەوە ئەوە زۆر لەسەر دەكەویت، بەڵام مەردانە وەرە مەیدانو بنووسە، لەبەر ئەوەی مرۆڤی مەردانە بێ منەتانە وولام دەداتەوە. تۆش گەر وولامت نەبێت ئەوە پێت دەوترێ...